دانا عەبدولکەریم:وەزارەتی ئاودانکردنەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگەی دووسایدی سلێمانی- هەولێر تەواو بکات

وەزیری ئاودانکردنەوە و نیشتەجێبوون ڕایگەیاند، تەواو بوونی پردی دەربەندی ڕانیە- بنگرد سوودی زۆر بە هاووڵاتیانی دەڤەرەکە دەگەیەنێت لە ڕووی سەلامەتی و ئابووریی و گەشتوگوزارەوە.

ئەمە دووشەممە، 27ـی ئایاری 2024، دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاودانکردنەوە و نیشتەجێبوون، بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان، لە مەراسیمی کردنەوەی پردی دەربەندی ڕانیە ڕایگەیاند، دروستکردنی ئەم پردە گرنگی خۆی هەیە، لە ساڵانی ڕابردوودا جووتیاران نەیاندتوانی بەرهەمەکانیان لەبەری مەرگە بگوازنەوە بۆری ڕانیە، ئەمەش ببوە هۆی ئاستەنگ دروستکردن بە جووتیارانی خەمان.

بەگوتەی ئەو وەزیرە، "ئەم پردە بە سەلامەتیی هاووڵاتیان بە سوودە. لەوەش گرنگتر، گواستنەوەی بەربوومی کشتوکاڵی لە هەردوو بەر بە ئەوەی کاری جووتیارانمان باشتر جێبجێ بکرێت".

ئەو وەزیرە گوتیشی، "هیوادارین لە ساڵانی داهاتوو بتوانین زیاتر پڕە بەم سنوورە بدەین، بە ئەوەی

لە ڕووی گەشتیارییەوە زیاتر سوودی لە ببینین".

ڕاشیگەیاند، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگەی دووسایدی سلێمانی- هەولێر تەواو بکات، بەشێکی ئەو دووسایدە بریتییە لە دوکان-چوارقوڕنە، کە قەناغی یەکەمی 95% تەواو بووە، قەناغی دووەمی کە ئێستە کارکردن تێیدا وەستاوە، لەبەرنامەدایە، لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە کارکردن بکرێتەوە کە ڕێژەی جێبەجێکردنی 45%، قەناغی سێیەمیش لە نێوان دووکان خەڵکانە کە 10 کیلۆمەترە ئەویش لە پلانی وەزارەتە، هیوادارین ئەمساڵ بیانخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، هەرچەندە خراوەتە بەرنامەی چوارچێوەی قەرزی بانکی دەولەتی کە لە داهاتوودا بە عێراق دەستبەر دەکرێت.